# نۆستالیژیا، ڕێگەیەک بۆ خۆ بەگەردوونیکردن



عەباس عەبدوڵڵا یوسف

نووسینی / حەمە مەنتک

شیعری (مەبێژە. . . نۆستالیژیا)، یەکێکە لەو شیعرانەی شاعیری هەمیشە یاخی (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) کە لە دیوانی (ئۆدیسیۆس نێرە یا مێیە؟) بڵاویکردۆتەوە. ئەو شیعرە جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنی ئێمەیە بۆ ئەوەی بەپێی توانا لایەنە ئێستێتیکی و داهێنانەکانی تێیدا بدۆزینەوە. بێگومان لێرەدا پێویست ناکات باسی ئەزموونی شاعیر بکەین، چونکە ئەو هەمیشە کەسێکی جوودا بووە، چ لەڕووی زمانەوە بێت یان لە ڕووی وێنە شیعرییەکانی لەناو شیعرەکانی، شاعیر هەردەم شتی سەیرو جوانمان پێشکەشدەکات کە تووشی تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی زۆرمان دەکەن. ئەم شیعرە وامانلێدەکات چەند پرسیارێک لامان دروستبێت کە بەڕاستی ئەمەش خاسیەتی دەقی جوان و زیندووە وەک:

نۆستالیژیا چییە؟ چۆن خۆمان بدۆزینەوە؟ ئایا نۆستالیژیا تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی خۆمان بەگەردوونیی بکەین؟ ئایا خۆ بەگەردوونیکردن واتای چییە؟ تاراوگەیی چیمان پێدەبەخشێت؟ ئایا نۆستالیژیا ڕێگەیەکە بۆ داهێنان؟ خۆ بەگەردوونیی کردن چیمان پێدەبەخشێت؟

ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاریتر لەناو ئەم شیعرەی شاعیر ڕووبەڕوومان دەبنەوە، وامانلێدەکەن بەدوای وەڵامەکانیان بگەڕێین، بەلای ئێمەوە هەردەقێک مرۆڤ (خوێنەر) ڕووبەڕووی پرسیارکردن نەکاتەوە، وایلێنەکات پرسیاری لا دروست ببێت، ئەوە دەقێکی زیندوو نییە، چونکە پرسیارکردن وا لە مرۆڤ دەکات بەدوای نهێنییەکان بگەڕێت، بەمەش دیارە ئەو دەقە هەڵگری نهێنییە بۆیە تووشی پرسیارکردنمان دەکات.

نۆستالیژیا زیاتر ئەو مانایە دەگەیەنێت کە کەسێک لە تاراوگەیی و غەریبیدا بژیت، هەروەها یان کەسێک بیری ڕابردوو بکاتەوە کە شتێکی لەدەست چووبێت کە زەحمەت بێت پێیبگاتەوە. حاڵەتێکە بەسەر زۆر لەو کەسانەدا هاتووە کە لە ئێستا و ڕابردوو بە جۆرێک لە جۆرەکان داهێنانی جوان و مەزنیان کردووە، ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە داهێنانی ئەدەبیی و هونەرییە.

ئەم تاراوگەیی و لەدەست چوونەی شتێک لە ڕابردوو وا لەمرۆڤ دەکات جۆرێک لە کەلێن لە دەروونیدا دروست بێت، بەمەش ئەو مرۆڤە هەوڵدەدات بەشێوەیەکیتر ئەم بۆشایی و کەلێنە پڕبکاتەوە، لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت ناخ و دەروونی خۆی بەشتێکیتر تێر بکات، لێرەدا کە ناتوانێ دەستی بگاتە ئەو شتەی دەیەوێت دەبێت ڕێگەیەکیتر هەبێت بۆ ئەوەی لەوێوە مومارەسەی بکات. ئەو ڕێگەیەش داهێنانە، جا داهێنان لە هەربوارێک لەئەدەب بێت یان هونەر.

شاعیر لەم شیعرەیدا هانمان دەدات کە خۆمان تەنیا بکەینەوە، نەک هەر دانیشین و بیر لە ڕابردوو و غەریبایەتی بکەینەوە، چونکە ئەمە لە خۆکوشتنێک زیاتر هیچیتر نییە. لەئەدەبیاتی جیهانیی و عەرەبیی و کوردییش زۆرن ئەوانەی لە غەریبایەتی و دوورە وڵاتی ژیاون و کاریگەری ئەو دوورییە لەسەریان هەبووە و وایلێکردوون داهێنان و شتی جوان بکەن، چونکە کەس زێدو نیشتمانی خۆی بەجێناهێڵێت گەر بەهۆی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتەوە نەبێت، ئەو کەسانە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی نموونەیان زۆرە لەوانە" ڕامبۆ، سلڤادۆر دالی، پیکاسۆ، ئەدۆنیس، محەمەد ئەراگۆن، عبدوالقادر جەنابی، بەختیار عەلی، فەرهاد پیربال، نەزەند بەگیخانی، دلاوەر قەرەداغی. . . هتد" ئەوانە و دەیانیتر کە ژیانی تاراوگەیی و غەریبایەتی و دوورە وڵاتی وایانی لێکردووە کە بەرهەمی جوانیان هەبێت و پێشکەشی بکەن. ئەمانە توانییان کاریگەریی لەسەر ئەدەبیاتی خۆیان دروستبکەن بەهۆی ئەو تەکنیک و فۆرمە نوێیانەی لە ئەنجامی ئاشنا بوونیان بە ئەدەبیاتە زیندووەکانی جیهان دایانهێناوە، توانییان ڕێچکەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی خۆیان بگۆڕن و تێکی بشکێنن، ڕێچکەیەکی تازە دیاریبکەن. هەرچەندە ئەم قسەیەمان بەسەر هەموو داهێنەرەکانی جیهان پەیڕەو نابێت. بەو واتایەی زۆرن ئەوانەی لەناوەوەی وڵاتی خۆیان دەژین و داهێنانی جوان و وێرانکەرمان پێشکەشدەکەن. کەواتە لێرەدا نۆستالیژیا ئەو ڕۆڵەی خۆی لەدەستدەدات و تاکە ڕێگەی داهێنان نییە، هەرچەندە زۆرێک لەوانەش لەناوەوەی خۆیان هەست بەجۆرێک لە غەرەیبایەتی دەکەن و بەکۆمەڵگەی خۆیان نامۆن. چونکە ئەو کەسانە باوەڕیان بە زۆرێک لەو دابونەریت و یاسا و ڕێسا بێمانایانەی ناو نەتەوەکانیان نییە، کەواتە نۆستالیژیا یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە ئەتوانین لەوێوە خۆمان جوان بکەین، داهێنانی نایاب بکەین.

شاعیر لەم شیعرەیدا داوامان لێدەکات کە تەنیا خۆمان بین، خۆمان جیاواز بکەینەوە لەهەموو شتێک، واتە خۆمان پەیوەست نەکەین بەهیچ شتێکەوە، تاکایەتی پەیڕەو بکەین لە نووسین و داهێناندا. ئەگەر لەغەریبایەتی بووین، نەڵێین غەریبین و خۆمان بخۆینەوە لەگۆشەیەکەوە دابنیشین، نەخێر داوامان لێدەکات ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ داهێنان و کاری جوان:

خۆ لەزەمانی نالی نین
خاکێشە بگرین
ئاخ بۆ ئاخ بکێشین
پەساپۆرتەکەت بدرێنە
تاکناوەکەت بکە بەفرە ناو
برۆ سنووران ببڕە

شاعیر هانمان دەدات لەیەک بازنە خۆمان قەتیس نەکەین، بەڵکو بگەڕێین، بەڵام بۆ ئەو داوایەمان لێدەکات؟ بێگومان گەر مرۆڤ تەنیا لەیەک قاڵب و شێوە بمێنێتەوە وەکو گۆمی مەنگ وەستاو بێت ئەوا بۆگەن دەکات، زوو کۆن دەبێت، بەڵام گەر مرۆڤ ئاشنای ئەدەبیات و کولتوریتر بوو، ئەوا ئاسۆی

بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێت، بەهەموو شتێک ڕازی نابێت و واتە لەبەرامبەر هەموو دیاردەیەک قسەی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەخنە و سەرنج و تێبینی خۆی هەیە لەسەر ئەو دیاردانەی هاتوونەتە پێشەوە، هەڵوێست و قسەی خۆی هەیە، تەنانەت هەردەم هەوڵی نوێبوونەوە و تازەگەری دەدات.

ئەم شیعرە، داوامان لێدەکات با ئەوەندە سۆز بەسەرماندا زاڵنەبێت، وەکو (نالی) شاعیر لە دوورە وڵات نامە بۆ (سالم) بنێرێت و حاڵ و ئەحواڵی خاک و نیشتمان بپرسێت. بەڵکو داوامان لێدەکات تەنها خۆمان بین و بەس، ئەم خۆ تەنها کردنەوەیەش ڕووبەڕوو بوونەوەیە بەرامبەر هەموو کۆت و بەندێکی ئایین و کۆمەڵایەتی و سیاسی، گەر مرۆڤ پاسەپۆرتەکەی بدڕێنێت ئەوا دیارە دەیەوێت سەر بە هیچ وڵاتێک نەبێت، ئەم گەڕانەوەیە بۆ سرووشت شتێکی جوانە، داهێنانی شاعیر لێرەدایە کە دەیەوێت پێمان بڵێت ئەم سنوورانەی هەن هەمووی دەستکردە. دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی نەبوونی سنوورەکان، ئەو کات هەموو مرۆڤەکان لە سرووشتدا ئازاد بوون، بۆ کوێ بڕۆیشتنایە و چییان بکردایە، ئەم بەخشینی تاکایەتییە بە خۆمان وامان لێدەکات ئەوەی حەزی پێبکەین ئەنجامی بدەین، خۆ دەربازکردن لەو لۆژیک و واقیعەی هەیە سوریالیەتی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنێت، ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو واقیعەی هەیە، تەنانەت ڕەتکردنەوەی ئەو واقیع و لۆژیکەی هەیە. ئێمە هەموومان مرۆڤین مادام وایە ئەم زەوییە بۆ هەمووان دروستکراوە، مافی خۆمانەو بۆ هەمووومان وەکو یەکە. بەڵگەش بۆ ئەو هەڵوێستەی شاعیر ڕەتکردنەوەی پیشەسازی و تەکنەلۆژیای سەردەمە کە وای لە مرۆڤ کردووە تەمبەڵ بێت، هێز و توانای لە مرۆڤ سەندۆتەوە:

بەسەر ئەرزا بە پێیان خۆشترە
لەئاو، بەمەلەوانی خۆشترە
بەناو ئاسمانیش، فڕین بەباڵ خۆشترە

ئەم هاتووچۆیەی شاعیر گەڕانەوەیەکی ڕەهایە بۆ سرووشت، باوەشی ئەو سرووشتەی کە مرۆڤ تێیدا پەروەردە بووە، ئەمەش هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی ئازادییەکی ڕەها، ئازادی پێشتر وای لە مرۆڤ کردبوو کە بەئارەزووی خۆی هەموو شوێنێک بگەڕێت، سنوورێک نەبوو وا لە مرۆڤ بکات گەڕانی ڕابگرێت. مرۆڤ هەزاران کیلۆمەتری دەبڕی بەبێ ئەوەی کەسێک، بازگەیەک، فڕۆکەخانەیەک، وێستگەیەک هەبێت داوا لە مرۆڤ بکات کوانێ پاسپۆرتەکەت؟ ناسنامەکەت کوانێ؟ کەس نەیدەپرسی تۆ کێی؟ خەڵکی کوێی؟

لەم شوێنە تەسکانەدا
خۆت بۆگەنی مەکە

هەوڵدان بۆ ئەوەی خۆمان بکەین بە کەسێکی گەردوونیی، پێویستی بە خۆ دەوڵەمەندکردن هەیە لە ڕووی ڕۆشنبیریی و فیکرییەوە. بەو مانایەی مرۆڤ تەنها لەناو یەک چوارچێوە ناتوانێ پەرە بەئاستی ڕۆشنبیریی و فیکریی خۆی بدات. خۆ دەوڵەمەندکردن لە ڕووی ئەدەبیاتی گەلان و ئەفسانە و کولتوورو هەموو جۆرە ژانرەکانی تری ئەدەب وامانلێدەکات ببین بە مرۆڤێکی گەردوونیی، مرۆڤی گەردوونیی خاوەنی هیچ پاسپۆرتێک نییە، لە هەمان کاتدا هەڵگری پاسپۆرتی هەموو وڵاتێکە، مەبەستمان ئەو کەسە(مرۆڤی گەردوونیی) شارەزای هەموو لایەنەکانی ژیان و ئەدەبیات و فیکری گەلانن. بەمەش دەتوانێ لەبارەی زۆربەی شتەوە قسە بکات، کەسێکە دەتوانێ شتی سەیر و داهێنانی مەزنمان پێشکەش بکات. ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن بە هەموو زمانێک گفتوگۆ بکەن،

بەو مانایەی لەبارەی کولتوورو ڕۆشنبیری هەر میللەتێک قسەی لەگەڵ بکەیت و پرسیاری لێ بکەیت ئەو وەڵامی حازر بەدەستی پێیە و قسەی خۆی دەکات، ئەمەیە مرۆڤی گەردوونیی، زۆرن ئەو مرۆڤانەی لەسەر ئاستی جیهان ناو و ناوبانگیان هەیە، زۆرن ئەوانەی بەرهەمەکانیان بۆ سەر دەیان زمان وەرگێڕدراوە. لێرەدا پرسیارێک خۆی دێنێتە پێشەوە، بۆچی بەرهەمی ئەو کەسانە بەوشێوەیە کاریگەریی لەسەر جیهان دروستکردووە؟ تاکە وەڵام ئەوەیە، ئەوانە مرۆڤی گەردونین، ئەوانە هەڵگری پەیامێکی ڕاستەقینەن، هەڵگری کۆمەڵێ جوانیی و داهێنانن کە بۆ هەموو میللەت و نەتەوەیەک دەشێت بیخوێنێتەوە، بۆیە ئێمە ناو لەو بەرهەمانە دەنێین (بەرهەمی گەردوونیی). ئەو بەرهەمانە جۆرێک لە عەشقیان تێدایە، جۆرێک لە بەجیهانیبوونیان تێدایە. تایبەت نین بەیەک نەتەوە یان ئەدەبیاتی یەک نەتەوە، بۆیە تایبەتمەندییەکی گەردوونیان وەرگرتووە، زۆربەی زۆری ئەو کەسانە بەڕاستی لە جۆرێک لە نۆستالیژیا ژیاون. کەمیان هەیە کە لەناو وڵاتی خۆی ژیابێت، تەنانەت هەندێکیان لەناو وڵاتی خۆیان ژیاون، بەڵام لەناوەوەی خۆیان ئاوارە بوونە و هەستیان بە غەریبی کردووە. ئەمەش وای لێیان کردووە ببن بە مرۆڤی گەردوونیی، بەڕاستی ئەو جۆرە مرۆڤانە شتانێک بەرهەم دەهێنن کە لەتوانای کەم کەسدا هەیە، ئەم خۆ دەوڵەمەندکردنە وا دەکات تۆش بەهەمان ڕێگەدا بڕۆیت.

گەر دەتەوێت تۆش خۆت بکەیت بە مرۆڤێکی گەردوونیی ئەوە لە هەوڵی ئەوەدابە ڕابکەیت و دژی هەموو لۆژیک و واقیعێک بووەستیتەوە، گوێ بەهیچ شتێک نەدەیت، خۆ کردن بە مرۆڤی گەردوونیی قوربانیدانییەکی زۆری دەوێت، یەکەم شت ڕەنگە لەلایەن دەسەڵاتەوە تووشی دەیان دەردەسەری ببیت. ئێمە لێرەدا با بزانین شاعیر چۆن ڕێنماییمان دەکات بۆ ئەوەی ببین بە مرۆڤی گەردوونیی، تەنها خۆخواردنەوە و بیرکردنەوەیەکی بێ سوود نامانکات بە مرۆڤی گەردوونیی، مرۆڤی گەردوونیی دەبێت مرۆڤێکی هەستیار بێت، بەو مانایەی یەکەم هەنگاو ئەو کەسە دەبێت پرسیارە گرنگەکانی ژیان و بوون لە خۆی بکات، تاکو بتوانێت هیچ نەبێت خۆی بدۆزێتەوە، ڕەنگە بگەیت بە هەندێک وەڵام، ئەمەش دەرگاکردنەوەیە بەسەر خۆمان بۆ تێگەیشتن لە زۆرێک لەنهێنییەکانی ژیان. هەندێکیتر لەو پرسیارە گرنگانەی ژیان مرۆڤە گەردوونییەکان تاکو ئێستا نەگەیشتوون بە وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە، وەک (شۆبنهاوەر) ی فەیلەسووفی ئەڵمانی جارێک بەشەو پیاسە دەکات چاوی بە باخچەی ماڵێک دەکەوێت و دەچێت لەناوی دادەنیشێت، کە خاوەن ماڵەکە چاوی بەپیاوێکی نەناسیاو دەکەوێت لە باخچەی ماڵەکەی، ئاگاداری پۆلیس دەکاتەوە، کاتێک پۆلیس دێت و یەکێکیان لە (شۆبنهاوەر) نزیکدەبێتەوە لێیدەپرسێت تۆ کێی؟ (شۆبنهاوەر) بەنەرمی ئاوڕێکی لێدەداتەوەو دەڵێت: من چەندان ساڵە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەوەم، گەر تۆ وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە زۆر سوپاسگوزارت دەبم.

ئەم بەسەرهاتە پێمان دەڵێت کە ئەو پرسیارانە پرسیاری جەوهەرین و پێویستە هەموو مرۆڤێک ئاراستەی خۆی بکات. هەرچەندە ئێمە ڕەنگە نەگەین بە هەموو وەڵامەکان، بەڵام ئەمە وامان لێدەکات هەردەم بەدوای پرسیار و وەڵامدا بگەڕێین، گەر ئەو کەسانە نەتوانن ئەو پرسیارانە لە خۆیان بکەن، باوەڕمان وایە وەڵامیان بۆ سادەترین پرسیاری ژیان نابێت. هەزاران تاکی ئەم میللەتەی خۆمان هەر لە هاتنە ناو ژیانیەوە تاکو مردن ناتوانێت بزانێت بۆچی لەدایکبووە؟ بۆچی دەمرێ؟ بۆ کوێ دەچێ؟ چۆن دەژییێت؟ ڕاستە مرۆڤ بیرکردنەوەی و ئەقڵی سنووردارە، واتە تاڕادەیەک بیرکردنەوەی بڕ دەکات، ڕەنگە هەندێک بڵێن ئەو پرسیارە جەوهەریانە هەندێک جار مرۆڤ بەرەو شێتبوون ببەن وەک نیتشە؟ ڕاستە، بەڵام گەر ئەو پرسیارانە لە خۆمان نەکەین، نە خۆمان دەناسین نە نەتەوە و میللەتەکەمان، تۆ گەر نەتوانی قسە لەسەر ژیان

و مردن و بوون و تەنانەت لەسەر خودی خۆت نەکەیت، چۆن دەتوانی قسە لەسەر نەتەوەو میللەت و کەسانیتر بکەیت. پلەی شێتبوون پلەیەکە بۆ داهێنان و کاری جوان، پلەیەکە بۆ کاملبوون لە هەموو ڕوویەکەوە، پلەیە بۆ ئەوپەڕی چێژ، بەڕاستی کاتێک مرۆڤ کاتێک دەگاتە پلەی شێتبوون دەگاتە بەرزترین پلەی چێژ.

بێجگە لەو پرسیارە گرنگانەی کە هۆیەکن بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بکات بە مرۆڤێکی گەردوونیی، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا نۆستالیژیا ڕێگەیەکە:

فرمێسک بەسەر نامەکەدا دەبارێنێ
مەرەکەبی نووسینەکەی دەشێوێ
پیشەکانی لە دوور دەبنە باڵندەیەکی کۆچکار و
لە خۆشیان فرمێسکان بەسەر وێنەکەدا دەبارێنێ
خۆشەنجام دەبێ، وشە دەبێتە وێنە

ئەم فرمێسک باراندنە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بیرکردنەوە لە زێد و خۆشەویستان، هەستێک بە مرۆڤ دەبەخشێت کە بەرەو جوانیی و ئافراندنی داهێنانی دەبەن، بەرەو ئاقارێکی پڕ لە هەستی جوانیی دەبەنی دەبەن، بۆ ئەوەی ئەوەی لەناخیدایە بە وشە دەربیبڕێت، پاشان وشەکان ببن بە وێنەیەک کە سەراپای جوانیی بێت.

ڕێگەیەکیتر کە شاعیر پێمان نیشاندەدات لێرە بۆ بوون بە (مرۆڤی گەردوونیی) و تاکو بەرهەمی گەردوونیی بخولقێنێت ئەوەیە، مرۆڤ هەمیشە لە گەڕانێکی بەردەوام بێت بە دوای زانست و زانیاری:

با بچین، ببینە برادەری نەهەنگان
لەوێوە، یەکێ دەڵێ:
حەزت لێیە بۆت بڵێم بۆرخیس چۆن کورتە چیرۆک دەنووسێت؟
دامەسکنێ. . . بە جیهانا سووڕە سووڕ بکە
فینیقی بە. . . بابلی بە. . . گەردوونیی بە
شوورەییە. . . چیدی باسی نۆستالیژیا مەکە

شاعیر هانمان دەدات کە ببین بە هاوڕێی هەموو ئەو کەسانەی کە جۆرێک لە بیرکردنەوەی جدیان هەیە. واتە بەو مانایەی ئەو کەسانەی هەردەم ئاشکراکردن و دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون. ئێمە بۆ ئەوەی ببین بە مرۆڤی گەردوونیی، دەبێت هەوڵبدەین هەموو ئەو کەسانە بخوێنینەوە کە بوون بە مرۆڤی گەردوونیی، لەوێوە دەزانین ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە دەمانکەن بە مرۆڤێکی کامڵ. تاکە ڕێگە بۆ ئەمەش گەڕانێکی هەمیشەییە، ئەمەش وامان لێدەکات خۆمان لە هەموو جۆرە خوێندنەوەیەک بدەین، هەرچەندە لە دواتر ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات لەیەک شتدا پسپۆڕی وەرگرین، ئێمە زیاتر باس لە ئەدەبیات دەکەین. چەندان شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسمان هەیە کە بوون بە مرۆڤی گەردوونیی. ئایا ساڵانە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بەڵگە نییە لەسەر ئەو کەسانەی کە خەڵاتەکە وەردەگرن کە مرۆڤی گەردوونین؟ ئەو کەسانە جۆرێک لە کاریگەرییان دروستکردووە، ئەو کەسانە هەمیشە لە هەوڵدانن بۆ گۆڕینی ژیان و ئەو واقیعەی تێیدا دەژین، بۆ دروستکردنی ژیانێکی جوانتر و باڵاتر، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ژیان بۆ ژیانێکی پڕ ماناتر، بەڕاستی هەروەک پێشتریش باسمانکرد قوربانیدانی دەوێت، ئەو کەسانە تووشی جۆرێک لە قوربانیدان بوونەتەوە، جا قوربانیدان بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە، کامە نووسەری جدی و گەورە هەیە تووشی ئەشکەنجە و ناو و ناتۆرە و دوورخستنەوە نەبووبێ، چونکە ئەو کەسانە هەڵگری جۆرێک

له وێرانکردنی ناشرینییەکانن، ئەو کەسانە هەمیشە خەریکی ئافراندنی جوانین، جوانیی بۆ هەموو نەتەوەیەک پێویستە، شاعیر ڕێنماییمان دەکات لەسەر ڕێچکەی ئەو کەسانە بڕۆین و هەوڵدەین بۆ خۆ بە گەردوونییکردن، بۆیە هەوڵدان بۆ ناسینی ئەو کەسانە کە بوون بە مرۆڤی گەردوونیی زۆر پێویستە، هەروەها گەڕانەوە بۆ زانیاری میللەتانیتر، خوێندنەوە بەڕاستی پرۆسەیەکە وا لە مرۆڤ دەکات کە هەمیشە گومانی لە هەموو شتێک بێت، چونکە ئەو مرۆڤە ئاسۆی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری فراوان دەبێت و ئەقڵ و بیرکردنەوەی قبوڵی هەموو قسە و شتێک ناکات، هەمیشە بە گومانەوە دەڕوانێتە شتەکان هەمیشە نیشانەی پرسیار بەرامبەر بە کەسەکان، قسەکان، وشەکان، دیاردەکان دادەنێت، هەمیشە لەناو تێرامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەژیت، بەڕاستی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە سەیر و پڕ لە نهێنییە هەمیشە لە گەڕانێکی بەردەوامدایە بۆ ناسینی کولتوورەکان، بۆ ناسینی ژیانەکانیتر، ئەمەش ماندوو بوونی زۆری دەوێت، بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نایەتە دی. شاعیر پێماندەڵێت کە نۆستالیژیا بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر مان نەبێت کە هەموو ژیانمان وێران بکات و هەمیشە بمانخاتە ناو بیرکردنەوەی بێ مانا و بێسوود، چونکە لە نا ئومێدیی و ڕەشبینیی دەبین، تەنانەت ئەم ڕەشبینییە کاریگەری لەسەر دەوروبەرمان دەبێت. ئەگەر سەیری (شۆبنهاوەر) ی فەیلەسووف بکەین تووشی ڕەشبینییەکی یەکجار زۆر ببوو، بەڵام ئەم ڕەشبینییەی لە بێئومێدی نەبوو، بەڵکو ئەو ڕەشبینییە وایکردبوو کە (شۆبنهاوەر) هەمیشە بەدوای پرسیاری جددی و جوانەوە بێت، هەرچی نهێنی ژیان و بوون و گەردوون هەیە ئاشکرای بکات.

خۆ بە گەردوونیی کردن، یاخود هەوڵدان بۆ بوون بە مرۆڤی گەردوونیی، لەتوانای هەموو کەسێکدا نییە، تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بەو ئاڕاستەیەدا بڕۆن کە جۆرێک لە حەزیان هەیە بۆ شێتبوون، شێتبوون بەمانا ئەقڵییەکەی نا، بەڵکو بەمانای هەمیشە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەی کە تاکو ئێستا لەناو گەردووندا هەن، ئەو ڕێگەیە (بوون بە مرۆڤی گەردوونیی) هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیانەی کە بەرەو ئاشکراکردنی ئەو نهێنییانەمان دەبەن، ئەو ڕێگەیانەش بێگومان بە گومان خستنە سەر دیاردە و شتەکان و پرسیارکردنە لەبارەی ئەو دیاردانەی کە لە ژیاندا بوونیان هەیە.

هەروەها ئەو جۆرە مرۆڤانە ڕووبەڕووی هەموو یاسا و ڕێسایەکی ناو کۆمەڵگەکەیان دەبنەوە، بە شێوەیەک خۆیان ڕەها و ئازاد دەکەن کە هەرچی کۆت و بەند و دابونەریتێکی قۆڕ و بێمانای کۆمەڵگە هەیە تووڕی هەڵدەن، بەڕاستی مرۆڤی گەردوونیی دەبێت بە هەموو مانایەک یاخیبێت، یاخیبوون هەوڵدانێکە بۆ قبوڵنەکردنی هەموو شتێک، یاخیبوون ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ و هەمیشە نوێبوونەوە و تازەگەری، ئەگەر سەیری ئەو مرۆڤە گەردوونییانەی جیهان بکەین هەموویان هەڵگری بەشێک لە یاخیبوونن بەرامبەر هەموو شتێکی ناشرین و بێ مانا، ئەو کەسانە هەمیشە لەناو ژیانێکی باڵاتر دەژین لەو ژیانەی کە خەڵکانی ئاسایی تێیدا دەژین.

- **سەرچاوە**/ ئۆدیسیۆس نێرە یان مێیە؟ هۆنراوە، ع. ع. یوسف، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨٤.

